# بازاڕی مـــــــــــافیا

**کاروان ئەنوەر**

karwananwar@yahoo. com

پاش ئەوەی خەمی تەهجیر وتەرحیل وتەبعیس و تەعریب وئەنفال و جینۆساید وکیمیاباران وچەندین زاراوەی قێزەونی تر ڕەوینەوە. . پاش ئەوەی کەرکوکی کوردان بەباوەشی دایکی نیشتمانی شاد بووەوە، سوپاس بۆ خواو خوێنی شەهیدان، ئەمڕۆ خەمی قەبەی سیاسیمان روو لە کزییە، وەلێ بازاڕێکی مافیا هەراسانی کردووین، بێدەستەکانمان دەهاڕێ و ئەختەبووتەکانیش بە حەوت دەست باخەڵ پڕدەکەن وبەدەستەکەی تریشیان چەقەنە لێدەدەن. .

بەڵێ. . لەم بازاڕەدا بۆ یەکەم جار لەمێژووی کورددا نرخی بەرمیلێك نەوت لە بەرمیلێك ئاو هەرزانترە، ئەمەش نیشانەی مەرگی بازاڕی کوردیە، چونکە ئەمیان دەستێك نرخی بۆ دانا، بەدەستەکەی تر (تورەکە) لەسەر سەرپێچیکەر قایم دەکات، ئەمی تریشیان ئۆخەی ئۆخەیەو قایل دەبی هەرئەوەیە قایل نابی بەگونی بارگیرمانەوە –ببورن (مۆنیکا) مانەوە. . گەر ئەم بازاڕە کەساس و بێ ساحێب نەبێت بەرزترین چینی رۆشنبیریی وفیکریی ئوممەت، مامۆستایانی زانکۆ (مان) لەوەرگرتنی مووچەی تەنها مانگێك وەك رەشەهاوولاتی ناگرن، خۆ تەنها مانگی نیسان بوو کە پێشتریش مووچەکەی وەرگیرابوو، دەبا بەبێدەنگ وەرتانگرتبا تابزانن ئەو مامۆستایانەی ئەلفبێیان فێرکردن ماوەی دوانزەساڵە چۆن دەیگوزەرێنن، رۆژێك لەرۆژان مانیان لە وەرگرتنی ئەو مووچەیە نەگرت کە بەشی تەنها ٣ سێ رۆژی نەدەکردن. .

هەرلێرەشەوە کە گروپێك لەکاسپکارانی شار رێپێوانیان لەدژی دۆلار سازکرد، هەموو هوتافێکی مەرگ بۆ دۆلاری ئەوان مەرگ بۆبازاڕی کوردستان ومەرگ بۆ ژیانی فەرمانبەران بوو کە زۆرینەی کۆمەڵن، کە بە راستی سەلماندیان کا (سپی) دەکەن نەك کا (ڕەش) ، دەبا ئێمەی مووچە بەدۆلاریش هەر زەقەی چاومان بێت، کرێخانووەکەمان هەر بە سویسرییە حەیاتەکە لێوەردەگرن، یەك دیناری ناتەواو بێت هەرچی شرەو شیپاڵمان هەیە فڕێ دەدرێنە سەرزەوی ودەمانکەنە سینەمای گەڕەك. .

راستە کا سپی بەڕێز تۆش مافی خۆتە چونکە بازاڕ بنەمای ئابووری تێدا نەبوو، کە رەوشتی بزرکرد، ئیتر گیرفانی مرۆڤیش وەك ناوگەڵی (. . . .) برسییە وباوك کوڕی خۆی ناناسێت، ئێوەش داماوو بەستەزمان ودەوڵەمەندن!!

بەڵام گەر دەتانەوێ پەندێکی زۆر باش بۆ پاشەڕۆژی بازاڕتان فێرببن، وەرن تەماشای شێوازی دابەشکردنی زەوی لە یەکێتی رۆژنامەنووسانی کوردستان بکەن، ئەوسا دەڵێن هەرباشە ئێمەی خاوەن ماڵ بە (تەور) ملی کرێچیەکانمان ناپەڕێنین، کە رێکخراوێکی رۆژنامەنووسان (رۆژنامەنووس لەهەموو دنیادا چاودێرە بەسەر دادگاشەوە) نەتوانێت ماف ودادوەری لە سادەترین پرنسیپدا پیادە بکات ئەویش تەنها لە ناسینی ئەندامانی خۆیدا بە ئیش نەك بە ریش، بەدوور لە خاتر وخۆتر و چاوی شین و قژی زەرد، ئەی ئیتر بازاڕ چۆن خوێنمان نامژێت؟؟

یەکێتییەك کە -یەکێتی رۆژنامەنووسان- ە لەنێوەندی ئەندامانی خۆیدا رۆژنامەنووسانی خۆی نەناسێتەوە مافی بکاتە قوربانی وتەرحەم بەسەر ئاوی حەمامی رۆژنامەنووسانی راستەقینەوە بکات، یان هەروەك پەندە کوردییەکە گا بە گوندا بناسێتەوە، ئیتر بۆچی دەبێت ئێوە ی بازرگان مافی خۆتان نەبێت بڕیارەکانی حکومەتی هەرێم پیادە نەکەن و نرخی نان و ئاو و چاو پاس و قژبڕین و سەربڕین وکفن ودفن وگۆڕ و ...هتد لەسەر بەردی مەڕمەڕ هەڵبکۆڵن.

ئێمەیەك كە (مان) ناگرین بۆ پارە، ئێمەیەك كە رێپێوان ناكەین دژی زۆرینەی میللەت، ئێمەیەك هەر لەبرسا نەمرین شا بەسەپان نازانین، ئێمەیەك كە چەناگەمان لەسەر سنگمان ناچەقێنین بۆكەس، ناكەوینە سەر ئەژنۆ بۆهیچ مافیایەك، دەم بۆدەستی مەردم درێژناكەین، پڕین لە ویژدان، پڕین لە راستی، پڕین لە بەرزی، پڕین لە دڵسۆزیی، پڕین لە رەوشت، پڕین لە كاركردن، پڕین لەداهێنان. .

هەركاتێكیش زوڵمێكتان لێكردین، پێتان دەڵێین بەزەییمان بە رەوشتتاندا دێتەوە، چونكە ئێوە دۆڕاوی راستەقینەی گۆڕەپانەكەن، ئێمە براوەو پاكین. . خۆڵ بەسەر ئەو كەسەی كە بۆگەنی ناخی خۆی بێزاری دەكات.

خەڵكینە من جارێكی تریش بە نووسین پێم وتن ئەوەی دەیەوێت سەری بۆ شۆڕبكەم، ئەوە پێڵاوەكانم كەلە سێ لاوە دڕاون، لەسەر سەری دادەنێم، ئەمڕۆش دەڵێم ئەو پارچە زەوییەی كە دەبوایە بەمافی خۆم بدرایەتە من (بێ منەتم وهیچ منەتێكی تێدا نیە، چونكە من دە ساڵە بە تیۆرو پراكتیك رۆژنامەنووسم، سەرباری ئەوەی لە سێ ناوەندی راگەیاندن و رۆژنامەنووسیدا كاردەكەم، دەرچووی بەشی رۆژنامەنووسیم و ئەو رۆژانەش زۆر زۆرن كە بیست كاژێر سەرقاڵی كاری رۆژنامەوانیم، هەزاران شەویش تا بەرەبەیان بەدیار دوا ماكێتەوە ماومەتەوە، خاوەنی زیاتر لە سەدان بابەت و وتاری رۆژنامەوانیم بە هەردوو زمانی كوردی و عەرەبی، بە واتەیەكی زۆر كوردی پەتی سەرم تێدا سپی كرد بەڵام سەرم تێدا شۆڕنەكرد ئەوەش مایەی سەروەری و شانازیمە) ، ئیتر چۆن سەرم سپی نەبێت كە زەوی رۆژنامەنووسان دراوەتە كەسانێك لەئیملای نووسینی ناوی سیانی خۆیاندا هەڵە دەكەن و كەسانێكیش لەماڵەوە قاچیان لێ درێژ كردووە لێی دانیشتوون یان راستتر دنیای رۆژنامەنووسی تەڵاقی داون، بەڵام لەبەر خاتری خاترداران بەزۆر ئەو زەوییەیان پێ بەخشرا كە خۆیان شەرم لە وەرگرتنی دەكەن، چونكە ئێمە مانان دەبینن بە هەفتە ماڵ ومناڵی خۆمان نابینین لەبەر سەرقاڵی ئیشی رۆژنامەوانی كەچی ئێمە لە سفر دەدرێین و ئەوان دەبنە كلاوسووری بەر لەشكری رۆژنامەوانی كوردی، بۆیە دەبێت پێتان بڵێین هەستن لەخەو پارشێوتان باش. . باش رۆژنامەنووسانی كوردستان.

ئەو پارچە زەوییەش كە دەبوو بەپێی یاسای ستانداردی ئەو یەكێتییە بە برێك تەنازولات وەرمگرتایە، بەدوور لە پیرۆزی خاكەكە دەیكەمە قوربانی ئەو پێڵاوە نوێیانەم كە لە لەنگە تەنها بە پێنج دۆلارم كڕیون، ئەوسا دەڵێم (مافیا) مان باش. .

تێبینی كوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەكەیەت، كوردستان نێت لە ناوەڕۆكەكەی بەرپرسیار نییە.